

فازڵ سوڵتانی
لەعەرەبییەوە: شوان ئەحمەد



جەی. دی. سالنجەر

# گۆشەگیری و ژنان

جـەی. دی. سـالنجەر کـە لەتەمەنـی 91 سـاڵیدا کۆچـی دوایکـرد، دیاردەیەکـی تایبـەت و دەگمـەن بـوو لـە مێـژوی ئەدەبـی سـەدەی بیستەمدا. ئەویش لـەدوو ڕووەوە، یەکـەم- ئـەو گۆشـەگیریە ئەدەبـی و زیندەگیە دورو درێـژەی، زیـاد لەچـل دانـە سـاڵ بـەردەوام بـوو. دووەم- بڵاوبونـەوەی ڕۆمانەکـەی (پاسـەوانێك لەمـەزار) کەڕۆماننوسـی کۆچکردوو غالـب هەلسـا وەریگێڕایـە سـەر زمانـی عەرەبـی و دەنگدانەوەیەکـی گـەورەی وەهـای هەبـوو، یەکەمیـن ڕۆمانـی هیـچ ڕۆماننوسـێکی دیکە لەسـەدەی بیسـتەمدا ئـەو چانسـەی نەبـوو. سـاڵی 1951 و دەسـتبەجێ لەگـەڵ بڵاوبونەوەیـدا، ملیۆنەهـا دانـەی لێفـرۆشرا. سـەیر لەوەدایە هەتا ئێسـتاش لەڕیـزی پرفرۆشـترین کتێبەکاندایـە، دوای تێپەڕوبوونـی زیـاد لەنیوسـەدە.

پێدەچێـت گەنجـان و خوێنـدکاران (بەتایبـەت لەوڵاتانـی خۆرئـاوا)، هەتـا ئێستاش خۆیـان لەقارەمانـە هەرزەکارەکـەی (هۆڵـدن کۆڵفێلـد)ی تەمـەن شـانزە سـاڵدا ببیننـەوە، سـەرباری ئـەو گۆڕانکاریـە زۆر گەورانـەی بەسـەر شـێوازی ژیانـدا هاتـووەو ئـەو کۆدێتـا گـەورەو گراناشـی لەنـۆرم و بەهـا و داب و نەریتەکانـدا ڕویانـداوە.

(پاسـەوانێك لەمـەزرا) بۆسـەر سـی زمـان وەرگێـڕدراوەو زیـاد لـە 65 ملیـۆن دانەشـی لێفـرۆشراوە. سـەرەڕای ئـەو هێرشانەشـی لەلایـەن هەندێ لەڕەخنەگرانـەوە ڕووبـەڕووی بـووەوە، هەروەهـا لەلایـەن دەزگاکانـی خوێندنیشـەوە. بەوپێیـەی نمونەیەکـی دزێـوی خوێنـدکار دەخاتـەڕوو، لەمیانـەی (هۆڵـدن)ەوە کـە لەخێـزان و خوێندنگـەو هەروەهـا کۆمەڵگەش یاخیـەو دەربایسـی هیـچ بەهایەکـی ئەخلاقـی نییـە. ئەڵبەتـە بەشـێکی ئـەو ڕەخنانـە ڕاسـتن، وەلـێ لـەدەرەوەڕا دادگایـی بەرهەمێکـی ئەدەبـی دەکات، نـەك بەپێـی لۆژیکـی ناوەکـی ئەدەبـی تایبـەت.

ئـەم ڕۆمانـە ئـەو ناوبانگـە زۆرەی بۆیـە پەیداکـرد، چونکـە گوزارشـتی لەخواسـتە پەنگخواردووەکانـی هـەرزەکاران و خوێنـدکاران و تـازە پێگەیشـتوان دەکـردو لـەڕووی کۆمەڵایەتـی و مۆراڵیشـەوە، پـەردەی لەسـەر ڕووی جیهانێـك هەڵماڵـی کەکتێبەکانـی پـەروەردەو فێرکـردن و دامـەزراوە پەروەردەییـە دۆگـماکان و ڕێنوماییـە مۆراڵییـە ئایدیالیـەکان لەکۆمەڵگەیەکـی نـا ئایدیالـی و بگـرە دووڕوشـدا، شـاردبوویانەوە. لێـرەوە (پاسـەوانێك لەمـەزرا) لەگـەڵ بڵاوبونەوەیـدا، ئـەو دەنگدانـەوە گەورەیـەی دروسـتکردو گوزارشـت بـوو لەشـتگەلێك کەبـۆ ماوەیەکـی دورو درێژبـوو لەناخیانـدا پەنگـی خواردبـووەوە، پاشان بەهـۆی ئـەوەوە ڕێگـەی خـۆی دۆزیـەوە تاگوزارشـت لەخـۆی بـکات. ڕەنگـە لەبەرئـەو هـۆکارە بوویێـت دواتـر زۆرێـك لەدامەزراوەکانـی پـەروەردەو فێرکـردن، دەسـتبەرداری سـەرکۆنەکردنەکانیان بـۆ ڕۆمانەکـە بـوون و بڕیـار دەدەن بەخوێندکارانـی بلێنـەوە.

تۆبلێـی ئـەو سـەرکەوتنە گەورەیـە، بۆبێتـە بـار بەسـەر نوسـەرەکەیەوەو ناچاربووبێـت لەگـەڵ یەکـەم بەرهەمیـدا، گۆشـەگیری هەڵبژێرێـت؟ یاخـود هۆکارەکـەی تـرس بووبێـت لـەوەی لەکتێبـی دواتریـدا شکسـت بێنێـت و سـەرکەتوو نەبێـت؟

بەتەواوەتـی کـەس ئـەوە نازانێـت و سـالنجەریش هەرگیـز باسـی هیچـی نەکـردووە کەهـۆکاری واز هێنانـی لەنوسـین و گۆشـەگیربونی ڕوون بکاتـەوە. ئاخـر بەدرێژایـی 40 دانـە سـاڵ جگـە لەژنـان ڕێگـەی بەکـەس نـەداوە لێـی نزیـك بێتـەوە، ئـەو ژنانـەی هـەرزوو وازیـان لێـی هێنـاوەو لێـی تەکیونەتـەوە ، ئەویـش گەڕاوەتـەوە لای تەنیـای خـۆی.

جـەی. دی. سـالنجەر لـە 1 کانونـی دووەمـی سـاڵی 1919، لەشـاری نیویـۆرك لەدایـك بـووە. خوێندنـی سـەرەتای هـەر لـەو شـارەدا خوێندووەو پاشـان باوکـی ناردویەتـی بـۆ خوێندنگەیەکـی تایبەتـی لـە (مەکبێرنـی)، بەمەبەسـتی تەواوکردنـی قۆناغـی ئامادەیـی، بـەڵام لەتەمەنـی شـانزە سـاڵیدا و بەهـۆی سـەرپێچیەکانیەوە دەردەکرێـت. لـە (پاسـەوانێك لـە مـەزرادا)، هۆڵدنـی کارەکتـەری سـەرەکی ڕۆمانەکـە لەهەمـان تەمەندایـە. دوای ئـەوە پەیوەنـدی بەئەکادیمیای سـەربازیەوە دەکات و دوای دووسـاڵ تـەواوی دەکات. لـەو کاتانـەدا بۆماوەیەکـی کـەم، ئاشـنایەتی لەگـەڵ ئۆنـا یۆنێلـی کچـی شـانۆ نامەنوسـی بەناوبانگـی ئەمریکـی بۆژیـن یۆنیـل پەیـدادەکات. ئۆنـا تەمەنـی شـانزە سـاڵ دەبێـت و زۆر جـوان و قەشـەنگ دەبێـت.

نووسین

بـەڵام سـەروەختێك لەسـاڵی 1941دا سـالنجەر پەیوەنـدی بەسـوپاوە دەكات، پەیوەندیەكەیـان كۆتایـی دێـت و دواتـر شـوو بەچارلـی چاپڵـن دەكات كـە لەتەمەنـی پەنجا و پێنـج سـاڵیدا دەبێـت، لەكاتێكـدا ئۆنا هەژدەسـاڵ بـووە. ئەڵبـەت ئـەوە بـۆ چارلـی چاپڵـن شـتێكی سـەیرنەبووەو شـتی وای لێوەشـاوەتەوە.

سـالنجەر بەدەرونێكـی وێرانـەوە لەسـوپا دێتـەدەر، بۆیـە بەمەبەسـتی پشـودان ڕوو لەفەرەنسـا دەكات و لەوێـدا ئاشـنایەتی لەگـەڵ پزیشـكێكی فەرەنسـیدا پەیـدادەكات (كـەزۆری لەبـارەوە نازانیـن)، بـەڵام هاوسـەرگیریەكەیان تەنهـا نـۆ مانـگ دەخایەنێـت و دوای ئـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەمریـكا و بەجیـدی بیـر لـە نوسـین دەكاتـەوە.

چەنـد چیرۆكێـك لەگۆڤـارە ئەدەبیەكانـدا بڵاودەكاتـەوە، بەتایبـەت لـە (نیۆركـەر)دا و پاشان (پاسـەوانێك لەمـەزرا) چاپ دەكات. لـەو ماوەیـەدا زۆر جـار بینیویانـە كـە لەگـەڵ كچانـی هـەرزەكاردا، هامشـۆ ڕۆتـی هۆڵەكانـی دانسـكردن یاخـود گۆڕەپانـی وەرزشـكردنی كـردووە.

سـاڵی 1954 ئاشـنای كلیـردۆ گلاسـی كچـی ڕەخنەگـری بەناوبانـگ ڕۆبـەرت دۆگلاس دەبێـت كـە لەتەمەنـی نۆزدەسـاڵیدا دەبێـت و زۆر بەكارەكتـەری سـەرەكی چیرۆكەكـەی (فرانـی گـراس) دەچێـت.

سـاڵێك دوای یەكترناسـینیان، هاوسـەرگیری دەكـەن و هاوسەرگیریەكەشـیان زۆر ناخایەنێـت.

سـاڵی 1961 (فرانـی و زوویـی) بڵاودەكاتـەوە كەڕەخنەگـران بەگەرمـی پێشـوازی لێدەكـەن، بـەڵام ڕەخنـە لـە بەرهەمـی دواتـری دەگـرن (سـیمۆر.. پێشـەكی)، سـەرەڕای ئـەوەی فرۆشـی زۆریشـی دەبێـت.

دوای ئـەو سـاڵانەی هـەوڵ و چالاكیەكـی چـڕو پـڕی تێـدا ئەنجامـدا، ئیـدی سـالنجەر تادەهـات دەچـووەوە ناوخۆیـەوەو تەنانـەت لەكلیـر دۆگلاسـی هاوسەریشـی دووردەكەوتـەوە كـەدوو منداڵـی لێـی هەبـوو.

لـەوە بـەدوا زۆربـەی كات ماڵـی جێدەهێشـت و زۆربـەی ڕۆژەكانـی،



سالنجەر

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات



لـەو هۆڵـەدا بەسـەردەبرد کـە بەکولانـە دەچـوو. جـار هەبـووە چەنـد هەفتەیـەك لەوێـدا ماوەتـەوەو لەسـەر تەباخێکـی بچکۆلانـە، خواردنـی بۆخـۆی ئامادە کـردووە. ئەمـە وادەکات هاوسـەرەکەی کەلەیـی بێـت و بەرگـەی ئـەوە نەگرێـت. تەنها بەجیابوونـەوەش ڕزگاری دەبێـت و سـاڵی 1967 دەسـتی لەدەسـتی دەبێتـەوە.

پێنـج سـاڵ دوای ئـەوە، سـالنجەر هەمـان شـت لەگـەڵ کچۆڵەیەکـی دیکـەدا دووبارەدەکاتـەوە کەئەویـش (جۆیـس مانیارد)ۆیـە. سـاڵی 1972 (نیویـۆرك تایمـز) لەسـەر بەرگـی پێشـەوەی گۆڤارەکـە دایدەنێـت، وەك شاباشـکردنی دوای بڵاوکردنـەوەی وتارێکـی دەربـارەی نـەوەی شەسـتەکان و پێشـبینی لەدایـك بونـی ڕەخنەگرێکـی گـەورەی لێدەکـرا.

جۆیس ماینـارد ئـەوکات تەمەنـی هـەژدە سـاڵ بـوو، وەهـاش دەهاتـە پێـش چـاو وەك ئـەوەی (لۆلیتـای لۆلیتـاکان) بێـت. ڕێکەوتێکـی سـەیربوو کەچیرۆکێکـی سـالنجەر بەنـاوی (کچـە هەژدەسـاڵەکە خواسـتی ژیانـە)، لەهەمـان ژمـارەدا بـڵاو بووبـووەوە. لەکونجـە پەنهانەکـەی خۆیـەوە، سـالنجەر نامەیەکـی بـۆ دەنێـرێ و سەرسـامی خـۆی بـۆ بەیـان دەکات، نوسـەرە تـازە پێگەیشـتووە کـەش بـڕوا نـاکات. بۆیـە بڕیـار دەدات دەسـتبەر داری هەمـوو شـت بێـت (خـاو خێـزان و خوێندنەکـەی) و خـۆی بگەیەنێتـە لای سـالنجەر. ئیـتر ئاوابـوو. باوکـی جۆیـس مانیـارد دەیویسـت کچەکـەی ببێتـە نوسـەرێکی گـەورە، لەبـری ئـەوەی لەسـاو پەنـای سالنجەردا بپۆکێتـەوە. جۆیس خۆشـی درکی بەوەکـرد، بـەڵام کاتێـك تەمەنـی بـوو بـە چـل و چـوار سـاڵان! سـالنجەر خـۆی لەنێـو دنیـای نوسـیندا نوقـم دەکـردو ئەویـش بـەردەوام بـوو لەسـەر پـرۆژەی کتێبەکـەی، دەربـارەی نـەوەی شەسـتەکان. بـەڵام بەرەبـەرە کێشـەو ناکۆکـی لەنێوانیانـدا دەسـت پێـدەکات، ئەویـش بەهۆی ئـەوەی سـالنجەر نایەوێـت منداڵیـان بێـت و لەیـەك جیـا دەبنـەوە.

بەچەنـد مانگێکـی کـەم دوای ئـەوە، سـالنجەر هەمـان شـت لەگـەڵ ئەلیـن جۆیسـی ئەکتـەردا دووبـارە دەکاتـەوە کـە لەتەمەنـی سـی و پێنـج



ساڵاندا دەبێت. ئەلین نامەیەکی لەسالنجەرەوە پێدەگات و لەنامەکەدا سەرسامی خۆی بەنواندنەکانی دەردەبڕێت و ئەمیش باوەڕ بەخۆی ناکات.

ئاخر سالنجەر لەو دەورو زەمانەدا بوو بوو بەئەفسانەیەکی زیندوو.. قسە و باسی زۆری لەبارەوە دەکرا، بەتایبەت گۆشەگیرییە سەیرەکەی و ڕۆژنامەکانیش هەواڵی ڕاست و ناڕاستیان لەبارەوە بڵاو دەکردەوە.

وەك ئەلین جۆیس باسیدەکات: (ماوەیەکی خۆش پێکەوە بەسەر دەبەن)، بەڵام سالنجەر لەکۆتایی هەشتاکاندا وازی لێدێنێت، دوای ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ خانمە دەرهێنەرێکی گەنج لەهامبشایەر پەیدادەکات. هەموو ئیش و کاری ئەو خانمەش ئەوەبوو، دووبارە ئەو قسانە بداتەوە بەگوێیدا کەخەڵکی دەیانکرد، لەبەر ئەوەی لەو ساڵانەدا گوێی گران بووبوو.

گەورەترین تارماییەك کەگۆشەگیریەکەی تێکدەدات، ئەو خانمەیە لەبارەی نەوەی شەستەکان و ئەتواری سەیر و سەمەرەی نوسەرانی ئەو قۆناغەوە دەنوسێت (کەسالنجەر یەکێکە لەوان)و مەبەستمان لەو خانمە نوسەرەش (جۆیس مانیارد)ە.

ئەم خانمە هەر بەو ئامرازە تۆڵەی لێدەکاتەوە کەکردی بە ئەفسانە (واتە بەنوسین). دوای بیست ساڵ کتێبەکەی (گەر بەڕاستی دەتەوێت لەبارەیەوە ببیستی)، ئەوەش ڕستەی دەسپێکی ڕۆمانی (پاسەوانێك لەمەزرا)دایە.



سالنجەر

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

کتێبەکە ساڵی 1999 بڵاوبووەوە. ئەویش دوای بێنەو بەردەیەکی زۆری پارێزەرەکانی کەهەوڵیاندا بریارێك لەدادگاوە دەربچێت و رێگە لەبڵاوبونەوەی کتێبەکەی جۆیس مانیارد بگرێت، لەبەرئەوەی ژیانی تایبەتی سالنجەر باسدەکات.

وەك ژنەکانی دیکەو ئەو هەموو ساڵە لەسەر داوای سالنجەر، مانیارد بێدەنگی هەڵبژاردبوو. پێش بڵاوبونەوەی کتێبەکەی تەنها دووجارو بەشێوەیەکی سەرپێی قسەی لەبارەیەوە کردبوو.

جارێکیان لەدیدارێکی رۆژنامەوانیدا وتبوی: (وەك دەزانن جیری- واتە سالنجەر-، کەسێکی گۆشەگیرەو منیش تەواو رێز لەو گۆشە گیریەی دەگرم، وەك ئەوەی لەمێژە بەڵێنم پێیداوە، وەلێ رابردووی هاوبەشمان، موڵکی منیشە. ئەو پەیوەندیەی نێوانمان منی گۆری. سالنجەر کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانم جێهێشت، وەك چۆن کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی هەموو کەسێکی دیکە جێهێشتووە. دوای ئەوەی پەیوەندیەکەی نێوانمان کۆتایی هات، هەستم بەسەرگەردانیکرد. هیچ جێگەیەکم لەم دنیایەدا شك نەدەبرد، تاپەنای بۆبەرم).

دووەم جاریش کەباسی کردبێت، ئەو کاتەبوو یەکێك لەخامەی رۆژنامەنوسەکان گفتوگۆیەکی لەگەڵدا سازکردو بەم دەستەواژەیەش پێشکەش بەخوێنەرانی کرد: (ئەو ژنەی هاورێی سالنجەر بوو).

دەربارەی ئەوە جۆیس مانیارد دەڵێت: (لەو وەسفکردنە تۆقیم کەمنی وەك مرۆڤ و نوسەرێك لەهاورێی سالنجەردا کورتکردەوە).

دوای ئەوە مانیارد بریاردەدات (پاش نیو سەدە لەجیابوونەوەیان)، گۆشەگیریەکەی سالنجەر تێك بدات و دەربارەی ئەو یەکتر بینینەشیان دەڵێت: (یەکەمجار کەچاوم پێیکەوت، من کچێکی ترساو و سەرشکاو بووم. بەلای منەوە بەهێزترین پیاوی دنیابوو. دواین شت کەپێی وتم ئەوەبوو: من لایەقی مرۆڤێکی وەک ئەو نیم، بەڵام کاتێك دوای ئەو هەموو ساڵە سەردانیم کردەوە، هەستم کرد ئافرەتێکی بەهێزم لەتەمەنی چل و چوار ساڵیدا. ئەوکات زانیم ئەو هەڵەبووە).

مانیارد گۆشەگیری ئەو تارماییە تێك دەدات کە لەرابردووەوە هاتوو، بەیەك رۆمان جیهانی هەژاند. مانیارد لەماوەی ئەو 25 ساڵەدا نەیتوانی سالنجەر لەبیربکات، هەرچەندە لەو ماوەیەدا چەندین پیاو دەناسێت و لەدوای جیابونەوەیانەوە، ژیانێکی بەربادانە دەژی.

لەجەژنی لەدایك بونی 44 ساڵیدا دەچێت بۆلای سالنجەر، کەبە واق ورمانەوە لەبەردەم ژووره بچکۆلانەکەیدا (ژورێك بەکولانەی مریشك دەچێت) پێشوازی لێدەکات، بۆئەوەی یەك قسەی پێبڵێت: (بۆ هەتاهەتایە نەجاتم بوو لەدەستت).

**سەرچاوە:**

**لاپەرەی کلتووری رۆژنامەی (الشرق الاوسط).**

نووسین